فۆلکلۆر




# بێری و مەڕو ماڵات

● مولود قادر بێخاڵی ●

بەساردو سەرمای زستانو بەقرچەی گەرمای هاوین لە ڕۆژە خۆشەکانی وەرزی بەهارو پایز دەگەڵ شنەبای بەری بەیانو جریوە جریوی سواندیلکەو قۆقە قووق کەلەشێر بە دەوروبەری مریشكو گارەگاری مریشکی هێلکەر ، ـوای ئەوەی کابان کەجارێکی‌تر خەو بۆ خۆی بردبویەوە پاش نوێژی بەیانی‌ی بەتایبەتی لە دێهاتی کوردەواریدا ، زۆر بەگورجو گۆڵی رادەچڵەکی‌و بەخەبەر دەهاتەوەو بەتوندو تۆڵی‌و چاپوکانە رادەپەریو چارۆگەی ئیشی‌ی بەرامپیل دەداو کەلانگوچکی کراسیشی لە زەندی باڵۆڵەی باسکی لەقەندی سپی‌تر لەخەیار تەڕتری بادراوی پتەوی پڕ لە هێزو رازاوەی بە بازنی زیوو زێڕو دڵجی شووشە دەشەتاند – هەروەکو شاعیر دەڵێ :–

هەڵیان ماڵیوە باسك
باسکی قەڵەوو ناسك
کە دەکەن تاسکە تاسك
ڕەووکترن لە ئاسك

دوابەدوای ئەو خۆهەڵماڵینەو ئامادەبوونە ، دەستیان بەکۆکردنەوەو هەڵبژاردنی رابردوو دەکرد هیربارو کەلوپەلی نوستنو شروشیتاڵی ناوماڵیان هەڵدەبژاردو بەرەنانێکی گەرمیشیان دەکردو شیرو پەنیرو ماستی هێوێن کراوی رۆژی رابردوویان – بەمانای دوێنێ – ڕێژەوپێژە دەکردوو دەکەوتنە سەماوەر جۆش‌دانێ بۆ ئامادەکردنی خواردنو خۆراکی بەیانی – قاوەڵتی – جا پاش‌نان خواردن خۆ زۆربەی زۆریش پێش نان‌خواردن ئاژەڵەکانیان تێکەڵی گارانی گوندی دەکردو گەسکێکی پاکیشیان بەنێو ماڵو تەویلەی وولاخان دادەهێنا ، هەندێ جاریش واهەڵ دەکەوت ئەو کابانانە خاوەنی مەلۆتکەی بچووك دەبوون ، بۆیە دەبوایە ژەمە شیرێك بەتێری بدەنە کۆرپە خۆشەویستەکانیان تانەگرینو ، ژیربنەوە بۆ ئەوەی تووشی ئاڵۆزیان نەکەنو نەبنە تەگەرە بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی کاری پێویستی بەیانیان جا دوابەدوای ئەو هەموو ئەرکو تێکەو لێکەیە دەکەوتنە خۆیان بۆ چوونە مۆلگەی مەڕوماڵات بۆ بەربێری‌و هێنانەوەی بەرهەمی مەڕوماڵات کەبریتی‌بوو لەشیر ، بەلاَم بەرلەوەی ڕوویکەنە هەوێز (پەچە) بۆ دۆشینی مەڕوماڵات قودێلەو کلوکلدانیان دادەناو ووردە ووردە دەگەڵ مینگە گۆرانی‌یەك کە بە زۆری هەرخۆیان گوێیان لێ‌دەبوو ، تاوێڵ تاوێڵ بسکیان دادەهێناو لۆلیان‌دەدا لەگەڵ کەزی ڕەشی



دریژی ئاوریشمیان وەك ڕیسی گوریس دەهۆنیەوەو گوارەی سیگۆو چوارگۆیان لەگوێ دەکردو هیزاری ڕەنگاورەنگی نەخشاوی بەووردە سنجاق دەپێچاو هەوری ئاوریشمینیان لەملی رازاوەی بەمێخەك‌بەندو خەناوکەی مەرجانی سوور دەئالآند لەگەڵ تەبەشی پانو کوڵمە سوورو جوانەکانیان کەوەك گوڵی گوڵەباغ ڕەونەق دەدا . . هەروەك شاعیر دەڵێت :-

**کەزیت دەکردن سێبەنگیو چاوت دەرشت**
**بەوکەزیو چاوەنەرمانە بێرەحمانە شوانت دەکوشت**
**شەنگەبێرا بەسروەبا سوژدەی دەبردە بەربەژنت**

ئاخر تۆش هەوای کوێستانی ئەم کوردستانەت هەڵدەمشت ئەوە وادەردەخا کەجوانی ئەوان نیگارێکی سروشتی ناوچەی کوردستانە ، ئەو ناوچە نایابەی ، بەدرێژایی چوار وەرزی ساڵ رازاوەتەوە بەڕووەکی سەوزی سروشتیو گوڵو لالەزار ئەو ئافرەتانەی کە مەبەستی ئەم نوسینەن هیچ دەسکاری‌یەکی زیاتر بۆ جوانی خۆیان ناکەن بۆیە جوانی‌یەکەیان بەربەرەکانی لەگەڵ جوان‌کراوەکانی «توکالونو هولیود» دەکا بۆنی مێخەك ووردە خونچەی گوڵەباخی باخەڵیان موڵگەی مەڕو مالآتی پڕدەکرد ، جابۆ مەبەستی باسەکەی سەرەوەمان ، مەردۆشینو چوونە سەر

هەوێز «پەچە» هەرئافرەتێك لە مەڕدارەکانی یا بێری‌یەکان بە پەقرەجێکی سفری (مس)ی سپی‌کراو یا بادی‌یەك کە پیێ دەڵێن مەڕ دۆش یەکە یەکە یا بەکۆمەڵ بەرێچکە روو دەکەنە موڵگەی مەڕومالآت هەربنەماڵەیەك لەو مۆڵگەیە جێگای تایبەتی خۆی بۆخۆی تەرخان کردووەو دارێك یا بەردێکی گەورەی دەست‌نیشان کردووە بۆ مۆڵکردنی مالآت ، مامۆستای بەرێزمان خوالێ‌خۆش‌بوو علاالدین سجادی لەلاپەڕە (١٥٣-١٥٤) لە پەرتووکی کوردەواری‌دا باسی رانەبێرەی زۆر جوان رازاندۆتەوە لەبەر ئەوە منیش خۆم هەڵکوتا کە زیاتر ئەوباسە بڕازێنێتەوە بۆ خوێندەوارانی بەرێز ، چونکە بابەتێکی گرنگە لە بابەتەکانی فۆلکلۆری کوردەواری ، جا لە نێوان ئەو ئافرەتەو بێریوانانە کە دەچوون بۆ مەردۆشین وادەبوو چەند کیژوکاڵێك پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ لاوێکی گوندی یاشوانێ لە شوانەکانیان بەستووەو چوونە سەرهەوێزیان بۆ دۆشینی مەڕ بەهەل‌دەزانی بۆ دیدەنی یەکتریو بەتین کردنی پەیوەندی دڵداری‌یان هەروەکو هێمنی شاعیر دەڵێ :-

**کیژی مەرژێنكو سەکرن**
**بەلەنجەو لار رادەبرن**
**نازدەکەن چاو دادەگرن**
**کورەگەل دەبەریان دەمرن**
**سوێسنو وەنەوشیو هەمین**
**کەژێو خەنداندو چەمین**
**خاسێو کەوێو خاتو زین**
**بەپۆل دەچنە مەر دۆشین**

بۆ هینانەدی ئامانجی بەیەك گەیشتنیان بۆ بنیاتنانی هۆزێکی نوێ لە نێو کۆمەڵدا ، دڵداری‌ی بێری ئەگەر لەگەڵ

لاوێك دابێت لە شۆڕە سوارەکانی دێ‌کەیان ئەوا ئەو کوڕە لاوەو شەنگەبێری ڕێگای چوونە سەر هەوێز بەجێگای ژوان دادەنێن ماوەیەك شان بەشانی یەکتری دەڕۆن‌و گفتوگۆی خۆش‌و ڕووداوی ڕۆژانە بۆ یەکتر دەگێڕنەوەو بەڵێنیش تازە دەکەنەوە بۆ بەیەك گەیشتنیان هەروەکو لەو شیعرە فۆلکلۆری‌یەدا بۆمان دەردەکەوێت دەربارەی خۆشەویستی لە نێوان لاوو بێری‌دا ، هونەرمەند لە زۆر ئاهەنگ‌دا ئەو گۆرانیە دەکا بە دیاری بۆ گوێ‌گرانی‌و لە پێشەکی‌یەکەیدا دەڵێت بۆ ڕەزامەندی هەموو بەشدارانی ئاهەنگ لە کوڕو کچ .

**بێریڤان ئۆی بێریڤان — کیژە کوردی چاوجوان**
**یارم شەنگەبێری‌یە — خۆشم دەبم بەشوان**
**چەند خۆشە لەگەڵ بێریان — شەو داوەت لە هەواری**
**یاری خۆت لەگەڵ‌دابی — بۆ سێوزی‌و دڵداری**
**پەنجەی لە ناوپەنجەی نی‌ی — بڕۆی بۆ باغی شاری**
**خێڵی یارم باریان کرد — بەسەرکەوتن بۆ کوێستان**
**تاوڵ‌و ڕەشماڵیان هەڵدا — لە کوێستانی مام ڕەندان**
**خێڵ هاتنەوە لە کوێستان — مەڕ هاتنەوە بە سەردان**
**دەزانی بۆیەك نابێ — بەسە ئەو ئاخ‌و دەردە**

مەبەستی هونەرمەند لە خێڵی یارم باریان کرد بە سەرکەوتن بۆ کوێستان ئەوە پیشەیەکە لە کۆنی کۆنەوە خێڵەسات گرتوویەتی هەرکە وەرزی بەهار بەرەو هاوین گلۆر -غلۆڵ- دەبێتەوە بەمانای بۆ گەرمی دەچێت ئەوسا مەڕدارەکان بەزۆری هەوارگۆڕی دەکەن تابۆیان بکرابا بەرەو کێوە بەفراوی‌یەکان مەڕو ماڵاتی خۆیان ڕادەدا لە ئاخەلێوەی پاییزیش ووردە ووردە سەرانگیرۆ دەبوونەوە بۆ بنکەی زستانەیان ، لەو هاتووچوونە گەلێ جار بێری‌و کوڕە لاو لەیەك دوور دەبوونەوە بەڵکو ئەو دوور بوونەوەش دەبووە هۆی بڕینی نێوانیان لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ‌و تەگەرەش گەلێکیان هەر لەسەردڵداری خۆیان دەمانەوە . . زۆریشیان گوێ‌لێ‌بووە کە گەلێك لەلاوان کەوتوونەتە گیروگرفتی سەخت‌و داوی دڵداری بێری‌وانان لەئەنجامیشدا نەیان توانیووە بیان‌کەن بە هاوسەری ژیانی خۆیان لە بەرگەلێ کۆسپ‌و تەگەرەی زەمانەو گیروگرفتی کۆمەڵ بۆیە ناچار دەبوونە‌شوانی ماڵی بابی کچە بێری بەنان‌و سك ، چەند ساڵێك شوانیان دەکرد تا لە دیدەنی ڕاستەوخۆی خۆشەویستەکەیان وەدوورنەکەونەوە ، چونکە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان چاویان بە یەکتری نەکەوتابا گێژو وێژدەبوون ، بە تایبەتی شوانی کڵۆڵ وەك ماسی ژەهر پێدراو خولی دەخوارد هەروەکو شاعیر لەو پێنج خشتەکی‌یەی‌دا لە بارەی خۆشەویستی پاك‌و دڵداری ڕاستەقینەوە دەڵێ :-

**هوزاری خونچە زارێکم کە ڕووی نەو بەهارێتی**
**نزاری لالە زارێکم کە دڵ‌وا داغدارێتی**
**فدای لێووزارێکم نقودی‌جان نثارێتی**
**خوماری چاو خومارێکم هەزاران واخومارێتی**
**ئەسیری زوڵفی یارێکم هەموو عالەم شکارێتی**

هەروەها گەلێ لە شاعیرە کۆنەکانی کوردیش بە جوانی عەشق‌داری‌یاندا هەڵ‌گۆتووە جا هەر جۆرە عەشقێك بووبێ ناوەڕۆکەکەی هەربۆ بەڵێنی ڕاست‌بووە ئەوە تایەر بەگی جافیش لە پارچە هەڵبەستێکی‌دا دەڵێت :-

**لێم‌گەڕێن تەنها نشینی کونجەی غەم بم ئەی ڕەقیب**
**دەردەکەی من دەردی عیشقەو زۆرگران‌و ساری‌یە**

هەروەها ئەم پارچە هەڵبەستەش ئەو لایەنە دەخاتە ڕوو کەباسمان‌کرد ، توانیویەتی وەستایانە بە ووردی نەخشە بۆ هەموو هەڵس‌و کەوتێك بکێشێ‌و پەنجەی زیاتر بۆ ئەوە درێژ دەکات کە چۆن ئافرەتی کورد لە نێوخێڵ‌و بنەماڵە مەڕدارەکاندا ڕەفتار دەگەڵ یەکتریدا دەکەن‌و چۆن لە ئیش‌وکاریاندا هەموو ئاخ‌و داخی دڵ‌و دەروونیان ئاوەژوو دەکەنەوەو بواری ناسکترین

شیعریش بۆ شاعیر دەسازێنن هەربۆیەشە کە شاعیر لەم شیعرەی‌دا بەو پەری ناسکی‌یەوە دەڵێت :-

کچی لە باری ڕەوەند     هەڵی کرد بەلەكو زەند
کەزی هۆنیەوە وەك بەند     کوڕان دەگری بەکەمەند
لەبەر دەرکی ڕەشماڵان     دەبینی چاو کەژاڵان
دڵان دەبەن بەتاڵان     کاس دەکەن کوڕو کاڵان
لێو ئاڵن ، دەم بچووکن     خوێن شیرین ، ڕەزا سووکن
کولمەیان وەك گوڵوکن     گەورەکچن ، نو بووکن
ناسكو نەرمو نۆڵن     خاوێن ، سپی‌و سۆڵن
بەڵباسو توندو تۆڵن     بەمژۆڵ جەرگان دەکوڵن

خۆگەلی‌جاریش وابووە ئەو هەموو ڕەنجو ماندووبوونەی شوانی کڵۆڵ بەفیڕۆ چووەو کچە دراوە بە شوو (مێرد) بەیەکێکی تر ، شوانەی بێ‌چارەش کەوتۆتە چۆڵ‌و بیابانانو ژیانی لێ‌بووە بە دۆزەخ هەروەها کچەش هیچ خێری لەماڵ‌و مێردی نەدیووەو ژیانێکی پڕ تاڵی‌و سوێری ڕابواردووەو هەمیشە ماتو مەلوولو غەمباروچاو بەفرمێسك بووە ، چونکە هاوسەری ژیانی بە دڵی خۆی نەبووەو هەردەم گۆرانی‌و ووتەی شوانەی هاتۆتەوە خەیاڵ کە بەدرێژایی ژیانی دەماو دەم گوتراوەتەوەو خراوەتەوە گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی‌یەوە . . ئەمەیش بەشێکە لەم بابەتە پیرۆزەی کە لە فۆلکلۆری میللەتەکەمانەو تائیمڕۆش هەر بە زیندوویی ماوەتەوە :-

شەنگەبێری لە ناو مەڕی
هەڵدەکا باسکی بادراوو سپی‌و تەڕی
دادەنیشێ لەبەر بێری
یەك یەك مەڕا خۆ دەژمێری
ئەو مەڕە کەوی‌سارە
شیر زۆرە وەکو پارە
جا بێری ئاسنجاو پڕدەکا لە شیری
دەبا بۆ ماستو پەنیری
ئەو پەنیرەی تەڕو تازە
کابانەکەی زۆر بەنازە
شوان دەڵێ ئەری بێری
خۆمنت سووتاندوە بە دووری
ماچی کولمەو لێوەکانت
مەرهەمن بۆ برینی

ئەوجا شوان لە سەر بەرزایی‌یەك دادەنیشێ سەری مەڕو بزنەکانی یەکەیەکە دەگرێ تاکو بێری بییان دۆشێت . . لەکاتی بەیانیانو ئێواران جارجاریش ئەگەر لەوەڕی گیاوگۆڵ باش بێت ئەوا نیوەڕۆیانیش دەیان دۆشن لەکاتی دۆشینیش بێری بێر لەکارو بەرخیش دەکاتەوە کەمێك شیر لە گوانی مەڕو بزنەکاندا دەهێڵێتەوەو لەهەمان کاتیشدا - کاتی دۆشین - بێری زۆر ووریا دەبێ ، چونکە کەمێك لەو مەڕو ماڵاتانە دەیانەوێ خۆیان بدزنەوە لە دۆشین بۆ بێچووەکانیان جادەبینێ لە ناکاودا بێری دەڵێت کوڕە شوانە ئاگاداربە ئەو مەڕە «ڕسەر»ە هەڵات بیگرەوە ئەوەی لای مەڕە (تە) یەکەیە تا پێکەوە لەگەڵ مەڕە (سەررەشە) کەبچنە لای ئەو مەڕە «کەوی‌سار»ە کە ڕاوەستایە . . لە کاتی ئەوجەمو جۆڵە شوان دەڵێ : «ئەرێ بێری ئەوجا کارو بەرخان بەردەمێ» بێریش دەڵێ ! «نەخێر هێشتا هەمووم نەدۆشینە ، بزنی (مس) و (کوڕیس) و (مۆر) و (پوش) مابنە ، ئەگەرچی سەریشم هاتینەژان لەبەر بارە باڕو باعەباعێ بەرخ‌وکاران لەگەڵ هەڵسانی بێری شوان چەپەری دەرکی کۆزێ دەکاتەوەو کارو بەرخ بەگوڕ دێنە دەرێ بەحەمباز هەریەکەیان دەچێتە بەردایکی تا ئەو شیرەی لە گوانی دامایە بێ‌مژێ ، ئەوسا بێری‌و شوان نەختێك دەست بەگفتوگۆ ئەکەن ئەگەر لەنێوانیان دڵداری هەبێ ئەوا تێ‌بەردانی کارو بەرخ بەهەڵ‌دەزانن بۆ ڕابواردنی کاتێکی خۆش بەیەکەوە پاش دەست بەردان لە دۆشینی مەڕوماڵات ، بەتایبەتی مەبەستم لەوبێری‌و شوانانەیە کە لە نێوانیاندا بەڵێنی دڵداری هەیە ،

جادوا بەدوای حەسانەوەیەکی کەم بێریڤان جامیلکەی «شیر» لەسەر دەستو لاشانێکی دادەنێو بەلەنجە بەرەو ماڵەوە دەگەڕێتەوە بەووردە رۆینێك کە لەرۆینی قەتێ دەچێت تاشیری نێو جامیلکەکەی سەرشانی نەشڵەژێو نەشەقێو شەپۆڵ نەداتەوەو نەپڕژێت ، چونکە شیر زۆر ناسکەو زوو تێك دەچی هەرکە گەیشتە ماڵەوە لەبادی مەڕدۆش بە پارزونگ دەیپاڵێوون بۆ مەنجەڵێکی تری خاوێن ئەوسا دەست دەکەن بە کوڵاندنی سەری مەنجەڵەکە هەربە دەرخۆنە دادەپۆشرا بۆ پاراستنی لەپیسی ، نەوەك شتێکی وابکەوێتە ناوشیرەکەو هەڵ بیزرکێو سوودی لێوەرنەگیرێ ، ئەوسا کە کۆلا بە تەواوی تفڵێکی تەنکی دەکەوێتە سەرپێی دەڵێن :-

«سەرتوو» ئەوی‌تریش بە زۆری دەکەن بەماستو پەنیرو ژاژی ، ئاوی پاشماوەی پەنیریش نەختێك شیری‌تێ‌دەکەن دەبێ بەلۆر ، پەنیریش پەروەردەو هێوێن دەکرێت بە (شێلك)و (شەب) و (قەنەفل)و (سۆتکە) ، ماستیش هەربەماست هێوێن دەکرێت ، ماستەکەش بۆ خواردنو فرۆتن بەکاردێت ، خۆ ئەگەر نەشی‌فرۆشن ئەوا دەی ژێنن بە هۆی مەشکەی تایبەتی

پاش هەژاندنێکی باش لە نێو مەشکە ، مەشکەش خۆش دەکرێ یاچاك دەکرێ لە پێستی ئاژەڵی «دووسم» «ڕەشە وولاخ» لەگەڵ دۆدار پێی دەڵێن -لولەپ- ئەو لۆلەپەش بەهۆی دارێکی‌تر دەگەنە یەکتر پێی دەڵێن ناودار لە نێوان دەستو قاچی مەشەکەیە ئەوجا مەشکە بەسێ‌پایەکی دار هەڵ‌دەواسن ، ماوەیەکی باش کابان دەی هەژێنێ تاوای لێ‌دێ رۆنەکەرەکە هەمووی وەك کەفی سابوون بەسەر دۆ دەکەوێ جا ئەوکاتە کەرەکە لە دۆیەکە جیا دەکەنەوە ، دۆش بۆ زورشت بەکاردێت دەبێ بە شیرێژو دەکرێ بەکەشكو داندۆك ، کە ئەمانەش هەمووی خۆراکی سوودبەخشن لە زستانی ساردوسڕدا گەلێ‌جاریش مەڕو بزنومالاتو لە هەوەڵ زاندا شیرەکەی دەکەن بەفرۆ ، چونکە بە دەگمەن دەبێ بەماست . .

گەلێ رووداوو ئەفسانە لە شوانو بێری‌یان دەگێڕنەوە بۆنموونە :-

دەگێڕنەوەو دەڵێن - مالاتدارێك گوڵ نەمامێکی جوانی هەبوو ناوی گوڵەنام‌بوو هەموو رۆژێك ئەو نازدارە دەچوو بۆ مەڕدۆشینو بەبێ وەستان هەرکە دەستی لە دۆشینێ بەردەبوو دەگەڕایەوە ماڵەوە ، رۆژێ ، دوان دە ، بیست ، مانگێك زیاتر بەم جۆرە چووە سەر زوری نەخایاند پەیوەندی دڵداری کەوتە نێوان گوڵەنامو شوانەکەیان ، ئەو پەیوەندی‌یە وای لە گوڵەنام کرد کە کاتی گەڕانەوە لەبیر بکاتو ، وەك جاران لەکاتی خۆیدا نەدەگەڕایەوە ، باوکی گوڵەنام پاش سێو دووێکی زۆر بیری بۆ ئەوەچوو کە ئەبێ هۆیەك هەبێ گوڵەنام دوا دەخا لەگەڕانەوە بۆیە بڕیاری‌دا کە بچێت بۆ سەر مولگەی مەڕومالات لەوێ خۆی بۆ حەشار بدات تابزانێت هۆی چیە کچەکەی لە گەڕانەوە دوادەکەوێت . بەهەرجۆرێ بوو خوی گەیاندە ئەو دارەی مەڕومالاتی ئەوێی لێ مۆڵ دەکرا بەسەردارەکە کەوتو چاوەڕوانی کچەکەیو شوانەکە بوو ، شوان هاتو مەڕی مۆڵکرد کچەش دەستی‌کرد ، بە دۆشینی لە کۆتایی‌دا دەستیانکرد بە ووتو وێژی دڵداریو بنیاتنانی

خێزانێك بۆ خۆیان خۆ گوڵەنام وەك مانگی‌تابان وابوو مێوژی ڕەشی بخوارداباً لە گەردەنی دیار دەبوو ، سەر کولمەکانی لە دەنووکی کەوو لە زۆر سێوی لاسوور جوانتربوو ، زەندەی باسکیشی لەخەیار تەڕتربوو لە ناکاودا گوڵەنام گوتی :-

خوایە مرادمان بدەیت کوڕە شوانیش سەری بەرزەوە دەکاتو دەستی هەڵدەبڕێ بەرەو ئاسمانو دەڵێ :-

ئامین . . لەو کاتەدا کەسەر بەرەو ئاسمان بەرزدەکاتەوە چاوی بە باوکی گوڵەنام دەکەوێ کە لەسەردارەکە خۆی

حەشارداوە یەکسەر هەڵدەستێتە سەرپێ‌و دەست بەراکردن دەکات ، گوڵەنام کە چاوی بەراکردنی شوانە دەکەوێ قامکێ پوش دەگرێتە دەستی‌و دەڵێ :

«کورش کورش» لەو کاتەدا باوکی گوڵەنام دێتە قسەو دەڵێ :- رۆڵەم ئەگەر بۆ کوڵمەی سوورو چاوی کەژاڵ‌و زەندەی سپی بە بازن نەگەڕێتەوە بۆ دەسکە پووش هەرناگەڕێتەوە . .

بەڵام ئێستا لەبەر بڵاوبوونەوەی ئامێری رێك‌وپێك‌و سانابوونی هاتووچۆ بەبێ ماندووبوون بۆ دۆشین‌و کەرەو دۆ ، مەشکەش وەك جاران باوی نەماوە بەڵکو وەك کەلەپورێکی نەتەوایەتی ئەگەر لە سوچێك یا لە چەند ماڵێك هەڵیان پەساردێت ، چونکە لە جیاتی مەشکە ئێستا لەزۆر جێگاو ماڵان (شۆرەر)ی بچووکی جل‌وبەرگی منداڵان «غساله» بەکاردەهێندرێت ، مەڕوماڵاتیش وەك جاران لە دێهاتەکاندا بایەخی پەروەردەکردنی‌یان پێ‌نادرێت بۆ بەرهەم هێنانی بەروبۆیان لە فرۆو سەروتووو ماست‌و پەنیرو ژاژی‌و لۆرو لواوو خوری ، کە وەك جاران دەست ناکەوێت بەتایبەتی لەوەرزی بەهارو پایز کە هەرەتیەتی ، جا بۆ گێڕانەوەی ئەو بەرهەمە نازدارە کە بە سامانێکی هەرەگرنگ دەژمێردرا ، بۆ دۆخی جارانی‌و بیرکردنەوە لەم سامانە بەنرخە دەبێ بایەخێکی گرنگ بدرێت بە پەروەردەو بەخێوکردنی مەڕو ماڵات بەمەرجێك میریش بەتایبەت ئەمینداریەتی گشتی کشت‌وکاڵ لە ناوچەی

کوردستان‌دا هیچ درێغی نەکا بۆ بەتین کردنی بەری ئەم ئاژەڵانەو دەستی یارمەتی زیاتر بۆ بەخێوکەرانی درێژبکات .

مەڕو بزن بەچەند قۆناغێك‌دا تێدەپەڕن تادێنە بەرو بەروبومی‌یان دەخورێ بۆزیاتر روون کردنەوە ئەوا لە خوارەوە باسیان دەکەم :-

**مەڕ :-**

هەوەڵ جار پێ‌ی دەڵێن بەرخ لەدوایی‌دا بەکاوڕ لە ساڵی دوایی‌دا دەبێ بەبەردیل ئەوە ئەگەر مێ بێ ، خۆ ئەگەر نێربێ دەبێ بەشەك بەردیلیش دەبێ بەبەردیل‌زا ، بەڵام شەك دەبێ بەخرت لە دوایی‌دا بەبەران‌و سەربەران .

**بزن :-**

لە هەوەڵ جار ، کار ، گۆردیل‌کار - گیسك ئەگەرمێ بێ کور ، ئەگەر نێربێ چوشتیری مێ‌و نێرە ، بزن مێ‌یە نێریش‌نێرە تەگەش نێری‌یە دەخەسێ تابێ بەپێش رەوی مێگەڵ ، لەو نووسینەدا نامەوێت باسی مەڕو ماڵات‌و هات‌و چۆو زۆری‌و کەمی جۆرو بەرهەمەکانی بکەم ، چونکە مەبەستی من لەوباسە تەنها شوان‌و بێریوانە لەگەڵ ئەوەش‌دا بەپێ‌ی شارەزایی خۆم هێندەم نوسیەوەو ئەم چەند لایەنەم خستەروو لە خوارەوەش مەسەلەی کاکی شوانە . . شوان چەندە بەساکارو گێل لە قەڵەم دەدران لەگەڵ ئەوەش‌دا زیرەك‌و ئازابوون یەکێك لەوزیرەکی‌یەیان ئەوەیە زۆرجار شەرتە شوانی کاوڕێکی دەدرایێ ئەوکاوڕەشیان لێ‌دەدزی لەگەڵ چەند سەرمەڕێك کاوڕەکە ساڵێکی بەسەر دەچوو دەزاو بەرخی دەکەوتە دوا شوان کە چاوی پێ‌دەکەوت یەکسەر دەیناسیەوەو دەی‌گوت ئەو بەبەرخە هی‌منە بەبێ ئەوەی هیچ نیشانێکی کردبێ ، ئەو پسپۆری‌یەش باوە لە نێو شوانەکانی کوردەواری خۆمان . .

دەگێڕنەوە دەڵێن شەوێك لە شەوانی وەرزی زستان بەفرو کرێوەو زریان دنیای کردبوو بە دۆزەخ چاو چاوی نەدەدیت دووشوان بەیەکەوە ماڵاتی خۆیان موڵ کردبوو ، یەکێك لە شوانەکان گۆتی‌یە ئەوی‌تر ئەری‌برا چ دەڵێ‌ی شەرتە شوانی

خۆمت بۆ بکەمە کەباب‌و ئەم شەوە ساردو سەرمایە بکەوینە سەری‌و بیخۆین شوانەش وەلامی دایەوەو گوتی کەس دەستی کەرەم ناگێڕێتەوە ، جا شوانەی یەکەم چووە دەرەوەو شەرتەشوانی شوانەی دووەمی گرت‌و بەستیەوە بە مەبەستی سەربڕین‌و گەڕایەوە نێو ئەشکەوتەکە تا خەنجەر یا – تیغ – تیژ بکات‌و بچێت سەری مەڕی لە بەدەنی جیا بکاتەوە پێش ئەوەی کە خاوەنی کە دەکا شوانەی دووەم پیێ بزانێت – شوانەی دووەم دڵی کەوتبووە قرتە قرت بڕوایی بە شوانەی یەکەم نەدەهات هەرچۆنێك بوو خۆی دزی‌یەوە چووە دەرەوەی ئەشکەوتەکە ئەوسا چاوی بەشەرتە شوانی‌یەکەی خۆی کەوت کە بەستراوەتەوە بەئەسپایی شەرتەکەی خۆی بەرەڵا کردو شەرتە شوانی ، هەڤاڵەکەی لەجیێ ئەو بەستەوەو گەڕایەوە جیێ خۆی ، شوانەی یەکەم بەبێ ئەوەی تەماشای مەڕە بەستراوەکە بکات هاتە دەرەوەو سەری بڕی‌و کەوڵی کردو گۆشتەکەی لە شیشەی‌دار هەڵکێشاو هێنایە ژوورەوەو دەستی‌کرد بە برژاندنی‌و پێشکەشی برا شوانەکەی کردو گوتی بخۆ فێلە ، شوانەش وەلامی دایەوەو گوتی بخۆ فێلی بن فێلە .

## سەرچاوەکان

(١) کوردەواری علاءالدین سەجادی لاپەڕە (١٥٣)
(٢) دیوانەکانی صافی وطاهربەگ‌و هێمن
(٣) چەند ژنە هەرکی‌و رەوەندێك
(٤) کۆمەڵە زانیاری‌یەکی تایبەتی خۆم لە ژیاندا لەم بارەیەوەوە دەستم کەوتوون .

## فەرهەنگۆك

(١) بێری – بیریڤان – ئەو ئافرەتانەن کەمەڕو بزن دەدۆشن
(٢) سواندیلکە – چۆلەکەیە
(٣) شنە – بای فێنکی بەرەبەیانیان
(٤) دلج – بازنی شووشەیی‌یە
(٥) هیربار – ئاسن‌جاو – قاپ‌و قەچاغ – ی نێوماڵە
(٦) کۆز – مەڵبەندی داکردنی ئاژەڵە
(٧) مەلۆتکە – منداڵی (ساوا) کە تازە لەدایك دەبن
(٨) قۆدیلە – ئاوێنەیەکی خڕی بچووکە ئافرەتان لەباخەڵیان هەڵی دەگرن
(٩) خەبابەت – خۆڕێکخستن – خۆ ئامادەکردن
(١٠) کۆرپە – منداڵی ساوا کە چلەی چووبێ
(١١) هەوێز – جێگای مۆلکردنی مەڕو ماڵات
(١٢) مینگە – بە ئەسپایی – سەبرۆکە
(١٣) تەبەش – دەم‌و چاوو روومەت
(١٤) مۆڵکراوە – کۆکراوەتەوە . .
(١٥) پەقرەج – سەتڵ
(١٦) بادی – جامی ئاو ، یاشیر
(١٧) رسەر – مەڕی سەروملی سوور
(١٨) تە – مەڕی سەرو خوری سپی‌یە
(١٩) رەشە – مەڕی سەروملی ڕەشە
(٢٠) کەوی سار – مەڕێکی پنك‌پنکی رەشو سپی‌یە
(٢١) دەرخونە – قەپاغێکی دارە بۆداپۆشینیسەری مەنجەڵ بەکاردێ .
(٢٢) داوەت – شایی
(٢٣) هەوار – جێگای حەسانەوەو پشوودانی خێلەساتە
(٢٤) مس – بزنی سەروچاو خەت خەتە
(٢٥) مۆر – بزنی گوێ کولە – کورتە
(٢٦) کوریس – بێ‌شاخ بێ‌قۆچ
(٢٧) پووش – بەلەکە بەمانای سپی‌و سورەیارەشە
(٢٨) لوا – لەبەرخ دەبڕێتەوە – تەنانەت بۆلبادو فەرەنجی‌و کەرك بەکاردێت .
(٢٩) حەمباز – خۆهەڵدان بۆ بەرز بوونەوە لەسەرزەوی .
(٣٠) نەشلەژێ – نەلەق
(٣١) هەڵپڕکان – هەڵپزرکان – شیرێ تێك بچێ کە نەبێتە ماست .